وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێم لەگەڵ سەرکی حکومەتی عێراق کۆبوونەوە

ئاڤان حەمەسەعید، وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەبارەی ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکەی لەگەڵ مەحەممەد شیاع سودانی، سەرکۆزیرانی عیراق، کە ئەمڕۆ سێشەممە لە بەغدا بەڕێوەچوو، ڕایگەیاند: لە کۆبوونەوەکەدا نوسراوی فەرمی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان و لیستی هاوپێچکراوی مامۆستایانی وانەبێژم پێگەیاند سەبارەت بە تێرخانی دارایی بە مامۆستایانی وانەبێژی کوردستان.

وتیشی: وەک حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو هەنگاوێ پێویستکانمان ئەنجامداوە و چاوەڕوانی دەرئەنجام و وەڵامی فەرمی حکومەتی عێراقی فیدراڵ دەکەین.

جێختمان کردەوە لەپشکی هەرێمی کوردستان لە دروستکردنی باڵەخانەی قوتابخانەکان لە ڕێککەوتنی عیراق - چین، کە هەرێمی کوردستان تائێستا پشکی خۆی لە دروستکردنی ئەو قوتابخانانە نەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە سەرلەنوێ نوسراوەکی دیکەمان پێشکێشکردن بەمەبەستی دابینکردنی پشکی هەرێمی کوردستان لە دروستکردنی باڵەخانەی پەروەردەیی نوێ.